ئەگەر کەسێکتان بینی دەفرۆشێت یان دەکڕێت لە نێو مزگەوتدا، بڵێن: خوای گەورە بازرگانیەکەت بەرهەمدار - سەرکەوتوو- نەکات، وئەگەر کەسێکتان بینی بانگەشە دەکات بۆ شتومەکێکی ونبوو (لە نێو مزگەوتدا)، بڵێن: خوای گەورە بۆت نەگەڕێنێتەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر کەسێکتان بینی دەفرۆشێت یان دەکڕێت لە نێو مزگەوتدا، بڵێن: خوای گەورە بازرگانیەکەت بەرهەمدار - سەرکەوتوو- نەکات، وئەگەر کەسێکتان بینی بانگەشە دەکات بۆ شتومەکێکی ونبوو (لە نێو مزگەوتدا)، بڵێن: خوای گەورە بۆت نەگەڕێنێتەوە».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئەگەر کەسێکتان بینی دەفرۆشێت یان دەکڕێت لە نێو مزگەوتدا): لە دەقی فەرموودەکەدا -المفعول:بەرکار- سڕاوەتەوە ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کڕین وفرۆشتنی هەموو شتێک دەگرێتەوە. هەرکەسێک حاڵی بەم شێوەیە بێت ئەوا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کردووە بەوەی نەهی لێ بکرێت وبە هەریەکێکان بووترێت -بە کڕیار وفرۆشیار- بە دەنگێکی بەرز وئاشکرا: (لا أربح الله تجارتك) واتە: (خوای گەورە بازرگانیەکەت سەرکەوتوو نەکات)، ئەمیش نزا کردنە دژی ئەو کەسە، واتە: بازرگانیەکەت سەرکەوتوو نەبێت وسوودی بۆت نەبێت، وهەروەها ئاماژە کردنێکە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە کە خوای گەورە دەفەرموێت: {فَمَا رَبِحَت تِّجَـٰرَتُهُمْ} [البقرة: 16] واتە: {نە بازرگانیەکەیان قازانجی کرد}، وئەگەر بڵێت: خوای گەورە بازرگانیەکەتان سەرکەوتوو وداهاتدار نەکات ئەمیش دروستە؛ ومەبەستەکە بەدیهێنراوە. وهۆکاری ئەم نەهی کردن ونزا لێکردنە ئەوەیە کە مزگەوت شوێنی پەرستنی خوای گەورەیە و بەدەستهێنانی چاکە وپاداشتە بۆ ڕۆژی قیامەت، بۆیە ئەگەر کەسێک ئەمە پێچەوانە بکاتەوە ومزگەوت بکات بە بازار بۆ بەدەستهێنانی شتومەکی دونیا ئەوا شایستەیە نەهی لێبکرێت ونزای لەسەر بکرێت بەوەی بازرگانیەکەی سەرکەوتوو نەبێت؛ ئەمیش وەکو سزایەک بۆی بە پێچەوانەی مەبەستەکەی لەم بازرگانی کردنە، بۆ ئەوەی بترسێت و واز لەم کارە بهێنێت وخەڵکانی تریش ئەم کارە نەکەن لە نێو مزگەوت، بۆیە ئەم کردەوەیە نەهی لێکراوە لە مزگەوتدا بۆئەوەی مزگەوت پاک بپارێزرێت وتێیدا بە دڵسۆزی خوای گەورە بپەرستین وکردەوە بۆ قیامەت ئەنجامبدرێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10891